# هۆكاری لادانی زۆربەی موسڵمانان لە تەنها خواپەرستی و توشبوون بە شیرك

? م/ عبداللطیف أحمد مصطفى
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی گەورە لە چوارقوڕنە

الحمد لله رب العالمين والصلاة والســـلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعـــين، وبعد:

بێ گومان خوای پەروەردگار تـاكو تەنهایــە لــە (زات)و (نــاو)و (ســیفات) و (كردار) و (مافەكانیـدا)، وەهـیچ هـاوەڵو هاوشێوەی نیـیە نە لە ناوو سـیفاتەكانی، وە نە لە كردارەكانی، وەنە لـە مافـەكانی بەسەر بەندەكانی، تەنها ئەوە دروستكارو پەروەردگارە،وەتەنها ئـەویش شایـستەی پەرستش بـۆ كردنـە، وئـەو مـافی لەسـەر ئێمە هەیە، وە هـیچ یـەكێكی تـر خـاوەن ئەو مافە نیـیە و شایستەی بەندایەتی بـۆ كـردن نـیـیـە، وە خـوای گـەورە ئێمـەی دروست نەكردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە

بیناسـینو بەتـەنها بیپەرسـتین، وەك فەرمویەتی:

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [الذاريات: ٥٦] ٠

واتە: جنۆكەو مرۆڤـم دروست نـەكردەوە تـەنها بـۆ ئـەوە نـەبێت كـە بمپەرسـتن بەتـەنهایی، وە پێغەمبەرانیـشی یـەك بەدوای یەكدا ناردووە بۆ ئـەم مەبەسـتە كـە خـەڵكی تـەنها خـوا بپەرسـتنو بـۆ ئـەوەی تابانگیـان بكـەن، وەك خـوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ ﴾ [الأنبياء: ٢٥] .

واتـە: لـە پـێش تـۆ ئـەی محمد ﷺ هـیچ نێردراوێكمان نەناردووە ئیلا سروشمان بۆ ناردوون كە هیچ پەرستراوێكی حەق نی‌یە كـە شـایانی پەرسـتن بێـت تـەنها خـوای گـەورە نـەبێت، كـەوا بـوو بـە تـەنها مـن بپەرستن .

* وەهەروەها پـەڕاوە ئاسمـانی‌یـەكانیش تـەنها بـۆ ئـەوە دابـەزێنراون كـە خـەڵكی فێری تەنها خواپەرستی بكەن .

* وە مرۆڤی كافر بەوە دێتە نـاو ئیـسلام كە شایەتی بدات بە (لا إله إلا الله )، واتـە: هیچ پەرستراوێكی تـری حـەق نـی‌یـە كـە شـایانی پەرسـتن بێـت جگـە لـە ﴿الله﴾ وەتەنها ئەو بپەرستن.

* وە هەر كەسێكیش لەسەر بیروباوەڕی (تـەنها خواپەرسـتی) بمرێـت ئـەوە بـێ گومان ئەهلی بەهەشتە.

وە ئەو تەنها خواپەرستییەش لـە زمـانی عەرەبیدا پێـی دەوترێـت: (توحيد الألوهية) وە (توحيد العبادة) واتە: بـە تـەنها دانـانی خوا بە پەرستراوێتی پەرستن، واتە: تەنها ئـەو بـە پەرسـتراوی حـەقو ڕەواو شـیاو بزانیتو پەرستنیش تەنها بۆ ئـەو بكـەیت بەدڵو لاشەو زمان، وە بەقسەو كردەوەو مـاڵو بـەدڵ تـەنها ئـەوت خـۆش بوێـت، خۆشویستنێك كە ملكەچیو باوەڕت تەنها بـەو بێـت، وە سـودو قـازانجو خۆشـیو ناخۆشی بەدەستە. وە ترست تـەنها لـەو بێتو پـشت بەسـتنت لەسـەر ئـەو بێـتو جێگـای هیـواو ئاواتـت بێـتو ڕەجـای ڕەحمەتی بكە.

وە بە زمان تەنها زیكـرو یـادی ئەوبكـەو، تـەنها لـەو بپـاڕێرەوە وهـاوار بكـە ئـەو و

داوای یارمەتیو فریاکەوتنت هەر لەو بێت لەو شتانەدا کەلە توانای مرۆڤدا نین.

وە بەلاشەش مل کەچیو بەندایەتی تەنها بۆ ئەو بکەو کڕنوش مەبە بۆ کەسی تر.

وە بـا ماڵیـشت تـەنها لـە پێنـاوی ئـەودا ببەخشیتو قوربانی و سەربڕین تەنها بـۆ خوا بێت،

﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ [الأنعام: ١٦٢-١٦٣] .

واتە: ئەی محمد ﷺ بفـەرموو: بـەدڵنیایی نوێژەکـەم کـە عیبـادەتی دڵو زمـانو لاشەی تێدا کۆبۆتەوە، و هەروەها ئـاژەڵ سەربڕینەکەشـم کـە عیبـادەتی مـاڵی تێدایـە، وە هـەروەها ژیـانم بەگـشتیو مردنیـشم تـەنها بـۆ خوایـەو لـە پێنـاوی ئـەوە، کـە تـەنها ئـەو پـەروەردگاری بوونەوەرەکانە، وە هیچ شەریكو هـاوەڵی نییە لە پەروەردگارێتیدا، کەوابوو نابێـت هیچ شـەریكو هاوەڵیـشی بـۆ دابنـێین لـە پەرسـتنو ژیانمانـدا، وە بـەوە فـەرمانم پێکـراوە کەتـەنها خـوا بپەرسـتم بـەدڵو زمـانو لاشـەو مـاڵو ژیـانو مـردن، ومـن یەکـەم کەسـم لـە ئوممەتەکـەم کـە بـەو شـێوەیە موسـڵمان دەبمو تـەنها خـۆم تەسـلیمی خـوای پـەردوەردگار دەکـەمو تەنها ئەوەیش موسڵمان بوونـە کـە خـوا بەتەنها بپەرستین.

بەڵام بەداخەوە ! !

ئەگەر ئەمڕۆ سـەیری واقیعـی موسـڵمانان بکەین بۆ ئـەوەی بـزانین تـا چ ڕاددەیـەك هەڵساون بەم مافە گرنگەی خوای گـەورە لەسـەریان کـە بەتـەنها پەرسـتنیەتی، دەبینین زۆرێك لە موسڵمانان لایانداوە لـە ڕاسـتەڕێی تـەنها خواپەرسـتی، وە کەوتوونەتە گێژاو و زۆنگـاوی شـەریك بـۆ خوادانان بەدڵ و بە زمان و بەلاشـە و بـە ماڵ، بەتێکڕایی ژیانو بگرە مردنیش!

وەکو خوای گەورەیش هەواڵی ئەم واقیعە ناشیرنەی پێ داوین لـە قورئانەکەیدا کـە فەرموویەتی:

﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ﴾ [یوسف: ١٠٦].

واتە: زۆربەی خەڵکی ئیمان ناهێنن بەخوا تـەنها ئیمـانێکی شـیرکی نـەبێت، واتـە: لەگـەڵ ئەوەشـدا کـەئیمانیان بـە تـاكو تـەنهایی خـوا هەیـە لـە زاتو سـیفاتو کردارەکانیـدا کەتـەنها ئـەو دروسـتکارو

پــەروەردگارە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا شــەریکیان بــۆ دانــاوە لەماناکەیــدا کــە (تەنها پەرستنیەتی).

واتە: گەر لێی بپرسی کێ تۆی دروست کردووە و کێ ڕزق و ڕۆزیت دەدات و کێ دەتژێنێت و دەتمرێنێت و کێ بەڕێوەبەری بونەوەرەو خوایە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: تــەنها ﴿الله﴾، بــەڵام لــە هــەمان کاتیــشدا شەریکی بۆ خوای پەروەردگار داناوە لــە ماناکەیــدا بــە هــەموو شــێوازەکانیەوە، بۆنموونە:—

بەدڵ: خۆشویستن و زەلیلی و ملکەچی بۆ غەیری خوا هەیە:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ﴾ [البقرة: ١٦٥] .

وە لــە قــەبری پیــاو چــاکێك دەترسێت، ڕەجای ڕەحمەت دەکات لە پێغەمبەران و لای وایە کە دەتوانن سودو خۆشی تــوش بکــەن و زەرەرو ناخۆشــی لەســەر لادەن، خۆیــان ســەر بــەخۆیان بــە هــۆی واســیتە کردن لای خوا !!

وە بــەزمان: زۆر لــە موسڵمانان لــە پیــاو چــاکان دەپاڕێنــەوە شــەفاعەتیان بــۆ بکــەن و لــە خــوا نزیکیــان بکەنــەوە و لــە نەخۆشــی چــاکیان بکەنــەوە و بــەڵاو ناڕەحــەتیان لەســەر لابــدەن و منــداڵیان بەنــسیب بکــەن، وە ســوێندیان پــێ دەخۆن، وە بەلاشەیش کڕنوش دەبەن بۆ قــەبری پیاوچــاکان و بــەرەو دواوە دەگەڕێنــەوە پشتاوپــشت و بەرامبــەریان دەوەســتن بــە تــرس و لــەرزەوە دەست لەســەر دەســت دادەنــێ هــەروەك و چۆن بەرامبــەر خــوا دەوەســتێت، وە تــەواف دەکەن بەدەورەی گۆڕەکانیانداو دەست دەهێنن بە دارو بەردی سەر گۆڕەکان و بە پیرۆزیــان دەزانــن بــۆ شــیفا بــەکاری دەهێنن.

وە بــەماڵیش: ئــاژەڵ دەکــڕن و ســەری دەبڕن لەسەر گۆڕەکانیان، وەنەزر لــەخۆ دەگرن بۆ پیاو چاکان،: بۆ نموونە:

ئەگەر یەکێکیان توشی بەڵایەك هات ئــەوا خێرێك لە خۆی دەگرێت بۆ پیــاو چــاکێك واتە: دەڵێت: حەزرەتی غەوز هاوار ئەگەر لەو بەڵایە نــەجاتم بێت ئــەوا حــەیوانێکم خێر بێت !!

وە هەیــە ژیانیــشی بەگــشتی تــەرخان کــردووە بــۆ خزمــەتی کەســانێك و سەرخستنی بیروبــاوەڕێکی دوور لــەدین

شەو و ڕۆژی لە پێناودا بەسەر دەبات‌و هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی بۆ ئەوە، وەهەروەها تەنها بەوەش ناوەستێت وەتەنها ژیانەکەی بۆ غەیری خوا بێت بەڵکو لەو پێناوەشدا خۆی بەخت دەکات‌و گیانی لەدەست دەدات!!

کەواتە دیاردەی شیرك بۆ خوا دانان زۆر بڵاوە! وە ئەمەش مەترسییەکی زۆر گەورەیە، ئەم مەترسییە زۆر گەورەیە ڕوی کردۆتە موسڵمانان، چونکە ئەم دیاردە شیرکانە هۆکاری نەهامەتی‌و دواکەوتوویی‌و زەلیلی‌و ژێردەستەیین لە دونیادا، وە هۆکاری چونە ناو دۆزەخیشن لە دواڕۆژدا.

خوای گەورە لە قورئانەکەیدا زیانەکانی شیرکی بۆ دیاری کردووین‌و وریای کردوینەتەوە لێیان، کە بریتیتن لەمانە:

١،٢- شیرك کردەوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و خاوەنەکەی توشی دۆڕان‌و زەرەرمەندی دەکات:

﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [الزمر: ٦٥].

٤،٣- شیرك هۆی دوورکەوتنەوەیە لە بەهەشت‌و چوونە ناو دۆزەخە:

﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ [المائدة: ٧٢].

٥- وە شیرك موسڵمانان پارچە پارچە دەکات‌و لە بازنەی گەورەو فراوانی حزبی خوا کە- هەموو موسڵمانانی تەنها خوا پەرستی دونیا دەگرێتەوە- دەردەکات بۆ دەیاها بازنەی بچوکی فرە حزبێتی کە بەم پارچە پارچەیەتیەش ناکۆك‌و لاواز دەبن‌و دوژمنان بەسەریاندا زاڵ دەبن.

جا لەبەر ئەم هەموو زەرەرو زیانە ترسناکانەی شیرك لە دونیاو دواڕۆژدا پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) یەك لەدوای یەك گەلەکانیان بێدار کردۆتەوە لە شیرك‌و ترساندویانن لە عاقیبەتەکەیان، هەر لە نوح پێغەمبەرەوە ﷺ کە بەقەومەکەی خۆی فەرموو: هەر خوا بەتەنها بپەرستن و پیاوچاکان مەکەن بە شەریکی خوا، بەڵام سەرکردە نەفام‌و سەرکەشە خۆپەرستەکان (الملأ)دژایەتیان کردن‌و بە گەلەکەیان ووت:

﴿وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴾ [نوح: ٢٣].

واتە: ئێوە واز مەهێنن لە پەرستراوەکانی ترتان جگە لەخوا، وە واز مەهێنن لە پەرستنی ئەم پێنج پیاوچاکە کە (ودّ)و(سواع)و(يغوث)و(يعوق)و(نسر) ە چونکە پەرستنی ئەو پیاوچاکانە سودی هەیە بۆتانو لە خوا نزیکتان دەخاتەوە.

ئابەم شێوەیە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) بەردەوام بوون تاوەکو کۆتایی نێردراوانی خوا محمد ¢ کە گشت هۆکارو دەرگاکانی شیرکی داخستو بەتەواوی بن بڕی کرد لەسەردەمی خۆیدا، ڕازی نەبوو کە کەس هاواری بکاتێ و داوای فریاکەوتنی لێ بکات جگە لە خوا، ڕازی نەبوو کە کەس لە پلەی بەندایەتی بەرزی بکاتەوە بۆ پلەی پەرستراوەتی،

دەیفەرموو:

(لا تطروني كما أطرت النصارى عيسى بن مريم إنما أنا عبدٌ فقولوا عبدالله ورسوله)[1].

واتە: من تەنها بەندەی نێردراوی خوام شایستەی بەندایەتی بۆ کردن نیمو شایستەی ئەوە نیم کە سوێندم پێ بخۆنو پشتم پێ ببەستنو هاوارم بکەنێ، وە کاتێك کە بیستی موسڵمانێك ووتی: (ماشاء الله وشئت).

واتە: ئەگەر خواو تۆ ویستتان لێ بێت!!

پێغەمبەر ¢ توڕە بوو وە فەرمووی:

(أجعلتني لله نِداً؟).

واتە: ئایا منت کردە شەریكو هاوبەشی خوا؟!، (قل: ماشاء الله ثم شئت)[2].

واتە: بڵێ تەنها ئەگەر خوا ویستی لێ بێت لەپاشان تۆش ویستت لێ بێت.

بەم شێوەیە لە جیهاد دابوو لە ژیانیدا بۆ نەهێشتنی شیركو دیاردەکانی، بۆ ئەوەی خەڵکی بەتەنها خوا بپەرستن، وەخەمی دوای مردنیشی بوو بۆیە لەسەرەمەرگیدا فەرمووی:

(لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)[3].

واتە: نەفرەتی خوا لە جولەکەوگاورەکان بێت چونکە قەبری پێغەمبەرانو پیاوچاکانیان دەکردە پەرستگاو شوێنی نوێژو خواپەرستی.

(١) (مشكاة المصابيح: ٤٨٩٧).

(٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٣٦).

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٨)

ئەمــەی فــەرموو بــۆ ئــەوەی كــەس لــە قەوموو ئوممەتەكەی ئەو قەبرەی ئەویش نــەكا بــە پەرســتگاو مزگــەوتی لەســەر دروســت نــەكات، وە لــە ترســی ئــەوەی قەبرەكەی لە ژووری عائیشەدا(خـوای لێ ڕازی بێت) مایەوەو نەبرا بۆ گۆڕستان.

بــەڵام بەداخــەوە دوای وەفــاتی ئــەو ڕۆژ بەدوای ڕۆژ تاوەكو زیاتر دوركەوینەوە لە ســەردەمە زێڕینەكــەی ئــەو، دیاردەكــانی شـیرك زیـاتر دەبێـت لـەناو موسـڵماناناو شــەخس پەرســتیو گــۆڕ پەرســتی بــڵاو بۆتەوە، چەندەها مزگـەوت دروسـتكراون لەسـەر گـۆڕی پیاوچـاكان كـە ئـەوە بـوو پێغەمبـــــەر ﷺ دەترســــا تووشــــی ئوممەتەكەی بێت.

وەلــەوەش زیــاتر شــیرك لای خــەڵكی بــە كــارێكی خواپەرســتی و بــاش ناســراوە، ئەوەی كە شەخس پەرست بێتو تــەواف بكات بە دەوری پیاوچاكێكو حەیوانی بـۆ ســەر ببڕێــت ئــەوا لای خــەڵكی نــەفام خواپەرستێكی باشە ! !

بــەڵام ئــەوەی جێگــای ســەر ســوڕمانە ئەوەیـە كـە ئایـە بـەردەوام نابیـستین لـە مامۆستایانی ئایینی كە دەڵێن:

(العلماء ورثة الأنبياء)[٤].

واتــە: زانایــان مــیرات گــری پێغەمبــەرانن (علــيهم الــصلاة والــسلام)، بــەڵێ زۆر دەبیــستین بــەڵام ئایــە بەڕاســتی ئــەو میراتەی پێغەمبەرانیان(علــيهم الــصلاة والسلام) وەرگرتــووە، كــە بریتــیــە لــە بانگــەواز كردنــی خــەڵكی بــۆ تــەنها خواپەرستیو دووركەوتنەوە لە شیرك بـۆ خــوا دانــانو گــۆڕ پەرســتی؟! وە ئایــە خــەڵكێكیان بــانگ كــردووە بــۆ (توحيــد الألوهية)؟!

لەوەلامــدا دەڵــێم بەداخــەوە زۆرێــك لــە مــــەلاكانمان ئــــەو بەشــــە میراتــــەیان وەرگرتووە كە باسی نوێژو دەست نوێـژو حەیزو غسلو مـارەو تـەڵاقو سـەرفترەو زەكات هتد...

وە سـەبارەت بـە تەوحیـدیش تـەنها ئـەو تەوحیدە دەناسن كە هەموو موشریكەكان زۆرێكیان لێ دەزانی كە ئەویش بـریتیـە لــە بــە تــەنها دانــان لــە نــاوو ســیفاتو كارەكانیدا.

---

(٤) (صحيح سنن أبي داود: ٣٦٤١) .

**واتە: تـەنها خـوا دروسـتكارو ڕزق‌و ڕۆزی دەرو بەڕێوەبـــەر و پـــەروەردگارە، موشریكەكانیش باوەڕیان بەوە هەبوو كە تەنها خوای گەورە پەروەردگارە:**
﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّــهُ ﴾ [الزخرف: ٨٧] .

**وە لەبوونەوەردا تـەنها یـەك خـالق هەیـە نەك دوو خالقی هاوشێوەی یەك.**

**وە ئەگەر سەیری گشت كتێبـەكانی** (علم الكلام)**كەباسی عەقیدەو تەوحید دەكـەن بكـەین كـە مالاكانمـان دەرسـیان لەسـەر خوێنـدون دەبیـنین تەوحیـد لای ئـەوان تەنها تەوحیـدی زات و سیفات و ئەفعالـە كە بە** (توحيد الربوبية) **دەناسـرێت، بـەڵام ئەو تەوحیدەی تێدا نی‌یە كە مافی خوایە لەسەرمان‌و بریتی‌یە لە تەنها خواپەرستی** (توحيد الألوهية والعبادة)**. وە زۆربەیان ئەو جـۆرە تەوحیـدەیان هـەر نەشبیـستووە، هەرچەندە ئێمە تـەنها بـۆ ئـەو تەوحیـدە دروست كـراوین‌و پێغەمبـەرانیش(**عليهم الصلاة والسلام**) بـۆ ئـەوە نێـردراون، وە لەبـەر ئـەو بـێ ئاگاییـەیان لـەو جـۆرە تەوحیدە دەبینین بە هەڵە حاڵی بوون لـە مانای ئەو جۆرە تەوحیـدە** (لا إله إلا الله) **كە دەڵێن مانای بریتی‌یە لـە:** (لاخالق ولا قادر على الإختراع إلا الله)**.**

**واتە: هـیچ دروسـتكارێك نـی‌یـە جگـە لـە خوای گەورە.**

**وە ئەو بێ ئاگایی‌یە لە ماناو حەقیقەتی** (لا إله إلا الله) **وە لـە** (توحيد الألوهية) **وای كردووە كە بێ ئاگاش بن لـە دیاردەكـانی شـیرك، وە هــەر وەكـو چـۆن** (توحيد الألوهية) **ناناسـن، بـە هامـان شـێوەش دژەكەی‌و هەڵوەشێنەرەوەكەی نازانن كە بریتـی‌یـە لـە** (شرك الألوهية)**، وادەزانـن شیرك تەنها بریتی‌یە لەوەی باوەڕت وابێت كە دوو خوا هەن‌و دوو خالق هەنە!!، وە نازانن كە هاوار كردنە غەیری خوا شەریك بـــۆ خـــوا دانانـــە وەك پێغەمبـــەر ﷺ فەرموویەتی: (الدعاء هو العبادة)[٥].**

**واتە: پاڕانەوەو داوا لێ كردن پەرستنە.**

**وە خوای گەورە خەبەری داوە بە شەخس پەرستان كـە خـوای گـەورە فەرمویـەتی:** ﴿وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِنْ قِطْمِيرٍ إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ

---

(٥) (صحيح سنن أبي داود: ١٤٧٩) .

سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ﴾ [فاطر: ١٣-١٤] .

واتە: ئەوانەی ئێوە هاواریان دەدەنێو لێیان دەپاڕێنەوە خاوەنی هیچ موڵکێك نینو هیچیان بەدەست نیە تەنانەت توێکڵی ناو خورماش، وە ئەگەر هاواریان بکەنێ داواکاری ئێوە نابیستن، چونکە مردوون، وە ئەگەر – بۆ نموونە بشبیستن وەڵامتان نادەنەوەو توانای ئەوەیان نییە، وە بەوەش ناوەستێ کە وەڵامتان نادەنەوەو سودتان پێ ناگەیەنن، بەڵکو دەشبن بە دوژمنتانو بێ باوەڕ دەبن لەو شیرکەی کە کردوتانە کە بریتی بوو لەوەی ئەوانتان کرد بوو بە شەریکی خوا لە داواو پاڕانەوە.

وە فەرموویەتی:

﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لَا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ [الأحقاف: ٥-٦] .

واتە : کێ گومڕا ترە لەو کەسەی کە جگە لە خوا هاوار دەکاتە کەسێك کە وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی قیامەت، وە بێ ئاگاشن لە پاڕانەوە و هاوارەکەیانو گوێیان لێ نییە، وە ئەگەر خەڵکیش کۆکرانەوە لە ڕۆژی دوایی ئەوا دەبن بە دوژمنیان، واتە: ئەو پیاو چاکو پێغەمبەرانەی کە خەڵکی هاواریان دەدەنێ دەبن بە دوژمنی خەڵکەکە، وە بێ باوەڕ دەبن بەو پەرستنەی کە بۆیان دەکردن کە بریتی بوو لە پەرستنی داواو هاوارو پاڕانەوە لێیان .

کەواتە چەندەها ئایەتو حەدیس دەبیستن کە پێویستیان کردووە تەنها خوا بپەرسترێو هاوار بکرێتە ئەو بەتەنها وەك:

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ [الفاتحة: ٤] .

وە (إذا سألت فاسأل الله و إذا استعنت فاستعن بالله)[٦].

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر لە مەلاکان نەك ئەمە بە شیرك دانانێن بەڵکو بەتاوانیشی دانانێن وە بگرە بە خۆشیان دەیکەن، کەواتە چۆن موسڵمانان واز لە شیرك بهێنن لە کاتێکدا کە میرات گرانی

(٦) (رواه الترمذي: ٢٥١٦، وأحمد: ٢٦٦٤، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: ٧٩٥٧).

پێغەمبەران خۆیان توشی شیرك بوونو ناشزانن كە شیركەو گەورەترین تاوانە؟! بەداخەوە لە حوجرەو مزگەوتەكان بگرە لە جومعەو كۆلێژە شەرعیەكانیش ئەم جۆرە كتێبانە دەخوێندرێت (علم الكلام) كە (توحيد الألوهية)ی تێدا نىيەو شیركیش ناناسن وەلەوەش ناڕەحەتتر دەڵێن ئەمە مەزهەبی شافیعیيە، كە لە ڕاستیدا ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) تەنها خوا پەرست بووە و دژی ئەم زانستە بووە كە ئێستا زۆر لە مەلاكان دەیخوێنن لە بواری عەقیدە بەناوی (علم الكلام).

فەرموویەتی:- (حكمي في أهل الكلام أنْ يُضْرَبوا بالجريد والنعال وأن يُطاف بهم بين العشائر والقبائل، ويقال: هذا جزاء من ترك الكتاب والسنة وأقبل على الكلام).

واتە: بڕیارو حوكمی من بۆ ئەهلی كەلام ئەوەیە كە لێیان بدرێت بە پەلی دار خورماو بە نەعل، وە بسوڕێندرێنەوە لە نێوان هۆزو عەشیرەتەكاندا بۆ ئەوەی ڕیسوابنو خەڵكی بیان ناسنو پێیان نەخەڵەتێن، وە ڕایگەیەندرێت كەئەمە سزای ئەو كەسانەیە كەوازیان لە قورئانو سوننەت هێناوەو ڕویان كردۆتە (كەلام).

كەواتە هۆی سەرەكی دووركەوتنەوەی خەڵكی لە تەنها خواپەرستیو توش بوونیان بە شیرك، بێ ئاگایی زۆرێكە لە پێشەوایانی دین لە تەوحید وڕوو كردنە عیلمی كەلامی فەیلەسوفەكان لە جیاتی كەلامی خواو پێغەمبەر ﷺ .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**